





## " دەستوری عێراقی فیدرالی "

پەرلەمانی کوردستان لە 4 / 10 / 1992 دا ، بەزۆرینەی دەنگ فیدرالیزمی بۆ هەرێمی کوردستان پەسند کردو دیموکراسیش بۆ عێراق . لەو ڕۆژەوە تا ئێستا ئەو داواکارییە هەر وەکو خۆی ماوەتەوەو بەردەوامە ، بەبێ ئەوەی بزانرێ ئەو میکانیزم و ئالییەتە چییەو چۆن پارتی دیموکراتی کوردستان بەم دواییە دەستووری عێراقی فیدرالی وەك ڕەشنووسێك خستە ڕوو لە هەندێ ڕۆژنامەی ناوەوە و دەرەوە بڵاوکرایەوە و لە ئەنتەرنێتیش چەندین پرسیاری وروژاندووە . بنکەی کاوەی ڕۆشنبیری کوردی ئێوارەی ڕۆژی 25 / 7 / 2002 بە ئامادەبوونی چەندین سیاسەتوان و ڕۆشنبیرانی کوردستان کۆڕێکی بۆ بەرێزان د . سەعدی بەرزنجی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و ئەبوحیکمەت سکرتێری پارتی کاری دیموکراسی کوردستان و مەلا حەسەن ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شوعیی کوردستانی عێراق و عەبدولرەحمان سدیق ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و وەلید شەریکە ئەمینداری گشتی حزبی برایەتی تورکمانی دیموکراتی لە باخچەی بارەگای بنکە سازدا . ئەمەی خوارەوە پوختەی ئەو ڕاو بۆ چوونانەیەکە لەم ئێوارە کۆڕەدا پێشکەشکران .

**د . سەعدی بەرزنجی :**

پرۆژەکە لەسەر چەند بنەمایەکەوە بەندە لەوانە :

- ئەوەی کە لە داڕشتنی پرۆژەکە رەچاوکراوە ئەمەیە کە دەبێ پێشەکی چوار چێوەی دەستووری فیدرالی بۆ عێراق دابنرێ و لەو ێشەوە چوار چێوەیەك بۆ هەرێمی کوردستان .
- بەجۆرێك لە جۆرەکان پرۆژەکە وێنەی لە یەکێك لە دەستوورە فیدرالیەکانی جیهاندا هەیە و لەگەڵ بارودۆخی عێراق و کوردستان گونجێندراوە .
- دابەشکردنی دەسەلآت لەسەر ئاستی هەرێم وناوەند .
- یەکسانی لە نێوان هەرێمەکاندا .
- هەبوونی هاوبەشیەکی لەبار لە نێوانیاندا .
- پاراستنی ئەو مۆزائیکە ئەتنیکیەی کە لە کوردستانی عێراقدا هەیە .
- سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی فیدرالیزم لە جیهاندا .
- بنیاتنانی فیدرالیەکە لەسەر بنەمای جوگرافی سروشتی و ئابووری و تایفەگەری نییە بەڵکو لەسەر بنەمای ئەتنیە .
- رەچاوکردنی زەمانەتی نێو دەوڵەتی .

**ئەبو حیکمەت سکرتێری پارتی کاری دیموکراسی کوردستان :**

لە راستیدا پرۆژەی پارتی دیموکراتی کوردستان ، پرۆژەیەکی نایا بەو لەکاتی خۆیدا هاتووە . لەبەر ئەوەی بارودۆخی خۆیی و بابەتی کوردستان و عێراق گەییوە ، بۆ ئەوەی ئەم بابەتە ببێتە مایەی لێکۆڵینەوەو جێبەجێکردن . من پێشم وایە بابەتی فیدرالییەت رەواجێکی باشی هەیە نەك هەر لە کوردستان بەڵکو لەسەر ئاستی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش لەگەڵ فیدرالینە کە کورد هەیبێ و بەشێکیشیان لە دژیدانە . ئێستا ئەم پرۆژەیە رێگا چارەیەکی پراکتیکی دەکا بۆ بابەتی ئەم فیدرالیەتە چ بەرامبەر هەرێمی کوردستان چ بەرامبەر حکومەتی ناوەند چ بەرامبەر لایەنی عەرەبیش .

بۆیە ئەوەی دەمانەوێ ئەمەیە کە ئەم پرۆژەیە کە جێبەجێبکرێ و عێراق وڵاتێکی فیدرالی و دیموکراتی .

**لایەنە لەبارەکانی پرۆژەکە**

**لایەنە لەبارەکانی پرۆژەکەش ئەوەیە کە :**

- دەسەلآتی حکومەتی هەرێم دیاری دەکات کە چییەو چ نییە و لە هەمان کاتیشدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا دەبێت . لەم رووەوە بۆ ئێستا ئەمە هەنگاوێکی زۆر باشە و لە دوا رۆژیشدا دەتوانرێ هەنگاوی دیکە بچێتە پێشەوە .
- پرۆژەکە هەندێ مەسەلەی زۆر گرنگی تێدا بەرز بۆتەوە ( چونکە هەندێ گرفتمان تووش دەبێ پەیوەندی بەمەسەلەی سنووری کوردستانەوە هەیە ) ئەو مافێکی داناوە بۆ ئەم بابەتە کە لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی دانیشتووانی ( ساڵی 1957 ) 5 ، کە ئەوکات سیاسەتی شۆفینیەت لە ئارادا نەبوو . بەم جۆرە ئاماری ناو براو مافێکی زۆر باشمان بۆ سنووری جوگرافیای کوردستانی دوارۆژ دەستەبەر دەکات .

**مەلا حەسەن ئەندامی مەکتەبی سیاسی  حزبی شوعی کوردستانی عێراق :**

پڕۆژەکە بەشێوەیەکی زانستییانەو بابەتییانە هەردوو دەسەڵاتەکەی روون کردۆتەوە واتە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی ، کە من بەلامەوە ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە چونکە ئێمە پڕۆپاگەندەیەکی زۆرمان لە دژدا هەیە گوایە دەمانەوێ لە پەنای فیدرالیزم هەنگاو بنێین بەرەو سەربەخۆیی . هەر چەندە بە بۆ چوونی من سەر بەخۆیی تاوان نییە مافێکی هەموو میللەتانە بەگەورەو بچووکەوە .

میللەتی کوردمان هەر ئەمڕۆ داوای مافە رەواکانی خۆی نەکردووە دەمێکە لە رێگای نوێنـەرانی خـۆی داوای مافی نەتەوایەتی رەوای خۆی کردووە .

هەر لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە میللەتی کورد ئەو وەختە داوای سەر بەخۆیی و جیابوونەوەی دەکرد وەکو بەشێك لە خاوەنداریێتی دەوڵەتی عوسمانی کە ئێمە و وڵاتانی عەرەبی بەگشتی یەکێك بووین لە مومتەلەکاتی دەوڵەتی عوسمانی تەنیا ئەو بەشەی کوردستان نەبێ کە لەژێردەسەڵاتی حکومەتی عێراقدا و ، لە راستیدا ئەو کاتە کاتێکی لەبار بوو ، بۆ ئەوەی گەلی کوردستان مافەکانی خۆی بەدەست بێنێ . بەڵام بەداخەوە بەهۆی پیلانەکان و بەرژەوەندیی دەوڵەتانی زلهێزی ئەو سەردەمە کە لەشەڕەکە براوە بوون ئەو داخوازییە رەوایەی میللەتی کوردمان جێبەجێ نەکرا .

لەم کاتەوە تاکو ئێستا میللەتی کورد بە بەردەوامی داوای مافەرەواکانی خۆی کردووە . ئێچستا فیدرالیزم باشترین چارەسەرە بۆ کێشەی رەوای میللەتەکەمان بە تایبەتی لەو بارودۆخە نێو دەوڵەتی و هەرێمایەتی و ناوخۆیشماندا چونکە وەکو دەڵێن زیاتر هونەری جێبەجێکردنی داخوازییەکانە ، ئەو داخوازیانەی کە لە توانا نەبێ بەرزی بکاتەوە . چونکە بەرزکردنەوەی دروشم کارێکی ئاسانە بەڵام جێبەجێ کردنی کارێکی ئاسان نییە . من پێم وایە بەشی هەرە زۆری لایەنەکانی کوردستانی بزاڤی ئازادی خوازی میللەتی کوردان ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوەیە کە کێشەی نەتەوایەتیمان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لەسەر بنەمای فیدرالیزم دەبێتە هۆی بە هێزکردنی یەکێتی خاکی عێراق ونابێتە لاوازکردنی . هەروەکو بە داخەوە هەندێ لە نەیارانی میللەتەکەمان تاکو هۆکاری لاوازکردن و دواتر پارچە پارچەکردنی خاکی عێراق . من پێم وایە ئەو تۆمەتە هەڵبەستراوە خۆی بەدەست نەهێنێ دەنا لەو ئەزموونانەی بوونەتە هۆکاری بەهێز بوونی یەکێتی ئەو دەوڵەتەو بەهێزبوونی هێزو تواناو دەسەڵاتی نەك لاواز کردنی . لەراستیدا ئەو شارەزایانەی کە پڕۆکەیان ئامادەکردووە ئەو هەڵو مەرجانەیان لێك داوەتەوە وەکو لە پڕۆژەکەدا هاتووەو من پێم وایە فیدرالیزم یەکێکە لەو چارەسەرە سەرەکیانەی کەکێشەی نەتەوایەتی لەو وڵاتانەی دوونەتەوە یان زیاتر لەدوو نەتەوەی تێدا دەژی . لەبەر ئەوە بیرو بۆچوونەکانم لەبارەی حکومەتی ناوەندیو حکومەتی هەرێمایەتی .

لەگەڵ بۆ چوونی پڕۆژەکەیە .

**عەبدولرەحمان سدیق ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان :**

ئەوەی زیاتر لەو پرۆژەیە بەرچاو دەکەوێ وبینیومە بەشێوەیەکی گشتی دەبیچ ئاماژە بەوە بکەم کە مەسەلەی فیدرالی بەدەر لە هەموو ئیعتیباراتێك بۆ ئێمەی خەڵکی کوردستان پشتگیریکردنە لە هێنانەدی عێراقێکی دیموکراتی پەرلەمانی فرە حزبی فیدرالی .

ئێمە وەکو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەمادەی هەشتی ئامانجەکان جێگیرمان کردووە و لەخاڵی نۆیەمی ئیستراتیجی یوکگرتووشدا هەر جێگیرکراوە .

چونکە لە ساڵی 1992 ئەوە بریتی بووە لە بڕیاری خەڵکی کوردستان ، کە لە ڕێگەی پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە .

ئەم دەستوورەی کەرەشنووسەکەی هی پارتی دیموکراتی کوردستانەو دەستووری کۆماری فیدرالی عێراقە بنەمایەکی گشتی لە سیستەمی فیدرالی لە عێراقدا تێدایە کە ( 15 ) بنەمایە و لە ( 3 ) لاپەڕە خراوەتەروو .

بەشی دووەمی بریتییە لە دەستووری کۆماری عێراق کە پێشەکییەکە لە دوو لاپەڕەو پاشان ( 83 ) مادە لە ( 12 ) لاپەڕەیەو دەستووری هەرێمی کوردستانی عێراق پێشەکیەك لە دوو لاپەڕەو پاشان (77) مادە لە ( 12 ) لاپەڕەیەو کۆی لاپەڕەکان ( 31 ) لاپەڕەیە .

سەرەتای ئەم رەشنووسە دەستپێدەکات بەباس لە جەنگی یەکەمی جیهان و پێکهێنانی ئەم دەوڵەتەی کە ئێستا پێی دەگوترێ عێراق ، کە تەمەنی هەر نزیکەی ( 80 ) ساڵێکەو ئەم دەوڵەتە لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستا دەوڵەتێکی نا ئارام و توندڕەوانە بووە . کۆمەڵێك بەڵگەنامە هەن کە ئەم راستیە دەسەلمێنن کە لە پێشەکی ئەم رەشنووسەدا هاتووە .

خاڵێکی گرنگ لەم پێشەکییەدا هاتووە مەسەلەی گرێدانی فیدرالیزم و دیموکراتییە چونکە ئەوە بەراستی راستەقینەیەکە کە هەموو دیموکراسییەك بەبێ فیدرالیزم و فیدرالیزمێك بەبێ دیموکراسییەت سەرەنجام جۆرێك لە شموولییەت و تۆتالیتاریزمی لێدەکەوێتەوە و دەبێتە دکتاتۆریەتێکی زۆرینە .

خاڵێکی تر لە پێشەکییەکەدا هاتووە باس لەمافی ئافرەت و یەکسانی بوونی لە بەردەم یاسادا دەکات ئەمەش خاڵێکی پڕشنگدارە لێبوردنی نەتەوەیی و لێبوردنی ئایینی ، پاراستنی مافی مرۆڤ ، بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەموو ئەمانە لە پێشەکییەکەدا هاتوون ، ئەمانە هەموویان بەیەکەوە لەپاڵ هەموو ئەو بەشەی دووەم و سێیەمیشدا کەباس لە فیدرالی بۆ عێراق وپاشان بۆ هەرێمی کوردستان شتێکی زۆر باش و لەجێی خۆیەتی بۆ رەواندنەوەی ئەو گومانەی کە هەیە لەگەڵ هەموو ئەو قسانەی کە بە بەردەوامی پارتی دیموکراتی کوردستان و تەواوی هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان کردوویانە تا ئێستا کە ئەگەر چی سەر بەخۆبوون مافێکی تەواوی هەموو گەل و ئیسنانێکە بەڵام لەبەر رەچاوکردنی بارودۆخی ئێستای نێو دەوڵەتی ئیچمە فیدرالیمان لەم قۆناغە پێ باشە بەڵام هێشتا خەڵکانێك بەرجەستەکردنی ئەم راستییەیان لێمان ویستووە ئەم رەشنووسەی پارتی دیموکراتی کوردستان پێمان وایە بەرجەستەکردنی ئەو راستییەیە کە لەم قۆناغەدا ئەوە ئیدی قسەی ئێمەیەو

ئەو قسەیەمان کردووە بابزانین خەڵکی تر قسەی چییان هەیە و ئیدی تۆپەکە دەکەوێتە گۆڕەپانی ئەو کەسانەی گومانیان هەیە لەسەر بیروبۆ چوونەکانی ئێمە .

### وەلید شەریکە ئەمینداری گشتی حزبی برایەتی تورکمانی دیموکراتی

لەراستیدا ئەو ئەشکالو موشکیلانەی کەتایبەتە بەکۆمەڵگەی عێراقی و دەوڵەتی عێراق . ئیشکالیاتی ریشەیی و قووڵن و بۆ ئەو سەردەمانە دەگەڕێتەوە ، کە کۆمەڵگەو دەوڵەتی عێراق تیادا دامەزراوە .
لەبەر ئەوەی ورووژاندن و شیکردنەوەی یەکێك لەو گرفتەکانی دیکەمان دەبات . ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەموو بەیەکەوە بەستراون و لێکجودانابنەوە .
پێشکەشکردنی پڕۆژەی دەستووری عێراقی فیدرالی لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە گوزارشت لە هۆشیاری پارتی دەکا بۆئەو کێشە و گرفتانە و دۆزینەوەی رێگاچارەیەکی مێژوویی بۆیان و تێکشکاندنی ئەو کۆت و بەندە کۆنانەی بۆتە کەلەپچەیەك سینگ و بەرۆکی کۆمەڵگەو دەوڵەتیان گرتووە و لەبەر ئەوە بوونی ئەو دەستوورە واتە دۆزینەوەی گرێ بەندێکی پێشکەوتووتر کەتیایدا مافی تاکەکان و کۆمەڵگەی لێ پارێزراوە لەگەڵ یەکتر .

هەر وەك ئەو دەستوورە رێکوپێکە وامان لێدەکا بیروراو تێبینییەکان لە خاڵێکی هاوکاری رەخنەیی بدەین بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتی ئەو زوڵم و زۆرە کەڵەکە بووانەی کە بەسەر گەلی عێراقمان و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکەی عێراقی نوێدا هاتووەو بوارێکی لەبارترو کاراتر بدۆزینەوە کە لەگەڵ ژیانی هاوچەرخدا دەگونجێ و کەمێك دەحەسێینەوە .
هەروەك نمایشکردنی ئەو دەستوورە واتایی کردنەوەی دەرگای گفتوگۆو کاراتر کردنی بزاڤی رۆشنبیری و سیاسی دەگەیەنێ کە لە هەرێمی کوردستان داهەیە و رێخۆشکەر دەبێ بۆ زەرورەتی چوونە دەرەوەی ئەو بیرورایانە بۆئەوەی تاك و دەزگاکانی دەرەوە لە رۆشنبیرییەکی رەخنەگرانە هاوکاریمان بکەن و رۆڵی خۆیان تێدا ببینن .
رەشنووسی دەستوورەکە لە داڕشتنیدا پشتی بەچەند بابەتێکی گرنگ و زیندوو بەستووەو ئێمەش لەمبارەیەوە چەند سەرنجو تێبینیەکمان هەیە وەك :

1- لە بنەما گشتیەکانی فیدرالی عێراق ناوی هەرێمی عەرەبی هاتووە ئەم ناوەش راست نییە باشتروایە ناوە راستەقینەکەی هەرێمەکە بگەڕێتەوە کە وڵاتی میزۆپۆتامیایە و سیفەتی نەتەوایەتیی تەسکیش رەتبکرێتەوە وەکە رۆشنبیرەکان لە نیزامی رەگەز پەرستایەتی بۆیان بەجێماوە .
2- هەندێ ناوچەی جوگرافی هەیە لە سەرنەخشەی جوگرافی هەرێمی کوردستان وەك تەلەعفەرو ئەلقوش و بەرتلەو راشدییە کەناویان نەهاتووە کەسەر بەپارێزگای موسڵن و پێویستە ناویان بێت .
3- واچاکە ناوەکە کۆماری عێراقی فیدرالی بێت .
4- داوای رەتکردنەوەی زاراوەی کەمە نەتەوایەتی دەکەین و یاسای رەگەزنامەی عێراقی راستبکرێتەوە کە بە هەزاران کەس لێبێبەش بووە .

5- دەپرسین پێگەی تورکمان و ئاشووری و کلدانی لە کوێیە لە پێکهاتەی گەلی عێراقی و لە یەکێتی فیدرالیدا .

بەروار :   24 / 7 / 2002